پەرلەمانتارێک: خێپیشاندانی مامستایانی سلەمانی یەکێتیی بگۆڕی خستووە بە لەدان لە پارتی



پەیمان عیزەدین، ئەندام پەرلەمانی پێشووی سەر بە گۆڕان هەرشدەکاتەسەر خێپشاندەرانی سلەمانی.

پەیمان عیزەدین لە پێستێکی نوسیویەتی: "خێپیشاندان یەکێتیی بگۆڕی خستووە بە دەستبادانی پارتی، ئەو خێپیشاندان و ناڕازایەتیەی یەکێتیی ئیجوەنە پش پێکهەنانی هەر کابینەیەک، دروستبوونی هەر ناکێکیەک لگۆڕ پارتی، ئەوا خێپیشاندانێک بووە کە وەرگرتنی ڕازامەندی نەویستووە، پێلیسی هاتوچێ و چالاکیە مەدەنیەکان ڕێگا ئێکەنەوە و ئارامی ئێپارێزن".

ئەو ئەندام پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "ئەمی ئەمجارە بە دەستبادانی پارتیە و مەعلومە، بەڵام لگۆڕ ئەوەشدا گرنگە ئەو دەرفەتە بقەزرێتەوە، سەرەنجام شارو کەمگۆڕیەکی مت و بەدەنگ یەکسانە بە مردنی سیاسی و کەمایەتی، لە دنیاشدا زۆر ڕووداوە ناڕازایەتی و خێپیشاندان بەو جۆرە کۆتایی نەهاتووە کە بەیاری لەسەر دراوە".

هەرشی ئەو کادرەی گۆڕان بە سەر خێپشاندەران و مانگگرتوانی سلەمانی لەکاتێکدایە، چەندین مامستا و خێپشاندەر داوای مووچەکانیان دەکەن بە مانگەکانی 12ـی 2024 و مانگی 1ی 2025، کە تا ئێستا کابینەی نێەمی ماوە بە درێژکراوی حکومەتی هەرێم بەسەرکایەتی مەسرور بارزانی دابەشی نەکردووە، ئەمش

هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی ماوەی هەشت هەفتە مامەستایانی سلەمانی مانیان لە خواردن گرتووەو تەندروستی هەندەکیان خراپە.

ئەمەش لەکاتەکدا دوێنێ دووشەممە 3ـی شوباتی 2025، هەزاران هاوڵاتی و مامەستای شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلەمانی ڕوویان لەشاری سلەمانی کرد بۆ ئینجامدانی خۆپشاندانێکی فراوان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هاوکات، ماوەی هەشت هەفتە چەندین مامەستای نایاری لە پێندانی مووچەو شایستە دارایییەکانیان لە سلەمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامەستایانی نایاری دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، لە هەولێری پایتەخت، مامەستا عەلی ڕەئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامەستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرێم بکەوێتە بەهەی پێندانی شایستە دارایییەکانیان.

لەکاتێکدا تا ئەمڕۆ سێشەممە 4ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە.

هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە مامەستایانی سلەمانی کرد کە واز لە خۆپشاندان و مانگرتنیان بێنن و دەڵێت: "کێشەی مووچە چارەسەرکرا"، بەڵام هیچ کردارێکی جددی لەوبارەیەوە بە مامەستایانی سلەمانی و کوردستان نەکراوە و تا ئێستا مامەستایان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی دوو مانگی ڕابردوویان وەرنەگرتووە.